# کۆمەڵگەی کوردی و ئەگەری بەرپابوونی شۆڕشی گەنجان

## گفتوگۆ لەگەڵ رێبین هەردی


ئا – یاسین و هێمن

**رووداوەکەی 3/16 لە هەڵەبجە و هەموو ئەو ناڕەزایەتییانەی کە پێشتر لە ئاکرێ و کەلار و رانیە و زاخۆ بەرپابوون رووداوگەلێکی تێپەڕ و کاتیی نیین، ئەو ڕووداو و فاکتانە دەبێت لەسەریان بووەستین و بەقوڵی شیانبکەینەوە و لەسەر ڕەهەندەکانیان گفتوگۆی درێژ بکەین، گەر بە وردی سەرنجی ئەو خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییانە بدەین دەبینین زۆربەیان گەنجان دەیانجوڵێنن و ئەنجامیدەدەن، ئایا ئەمە ئاماژەیە بۆ شۆڕشێکی گەنجانە یان کاری تێکدەرانەن و دەستێکی ناحەز دەیانجوڵێنێت؟ ئەوانەی ئەو ناڕەزاییانە بە گێرەشێوێنی و دەستی بێگانە و ڕووداوانێکی خراپ لەقەڵەمدەدەن دەبێت بورهان و بەڵگە عەقڵییەکانی خۆیان رابگەیێنن. ئەوانەش کە ئەو ڕووداوە بە دۆخێکی تەندروست و ئاماژەیەکی ئیجابی دەزانن دەبێت قسەی خۆیان بکەن. راگەیاندنی ڕەسمی کە نوێنەری بەرەی یەکەمە دنیایەك پلاتفۆرم و میدیای هەیە قسەی خۆی بکات. بۆ بەرەی دووەمیش یەکێك لە دیارترین رۆشنبیرەکانی نێوەندی رۆشنبیریی کوردی دەدوێنین کە پاساو و بیانووی خۆی هەیە بۆ نرخاندنێکی ئیجابییانەی ئەو رووداوانە، لەم چاوپێکەوتنەدا لە چاویلکەکەی(( رێبین هەردی ))یەوە دیوێکی تری ئەو ڕووداوانە تەماشا دەکەین.**

**هەڵەیە وابزانین گەنجان لە ناڕەزاییەکانیاندا تەنها تەعبیر لە بۆچونی فەردانی خۆیان دەکەن بەڵکو ناڕەزایی ئەوان بەشێکە لە خواستێکی گشتی کە گەورە و بچوك تێیدا بەشدارن**

**پرسیار : لەماوەی چوار مانگی رابردوودا خۆپیشاندانی چەند ناوچەیەکی جیاوازی هەرێمی کوردستانمان بینی دژی گەندەڵی و کەمتەرخەمی لە خزمەتگوزاریدا، شتێك کە لەو خۆپیشاندانەدا سەرنجی راکێشاین ئەوەبوو کە بەشی زۆری خۆپیشاندەران لە توێژی گەنجان بوون بەبڕوای تۆ لە پشت ئەمەوە چ ئاماژەیەك هەیە؟ ئایا لەم هەرێمەدا تەنها گەنجەکان ناڕازیین ؟**

رێبین هەردی : سەرەتا تێبینیم لەسەر ئەوەیە کە ئەم ناڕەزاییانە تەنها دژی گەندەڵی ئیداری و کەمتەرخەمی خزمەتگوزاری بن..راستر بڵێم دەستنیشانکردنی هۆکانی ناڕەزایی بەمشێوەیە بەکەموکورِ دەبینم...چونکە ئەمجۆرە دەستنیشانکردنە وا کێشەکان پیشاندەدات کە پەیوەندی بەناڕەزایی خەڵکی لەحکومەتی هەرێم و دامودەزگانیەوە بێت..وەلحاڵ بەشی زۆری ناڕەزاییەکان پەیوەندی بەحیزب و دامودزگاکانیەوە هەیە..خەڵك لەحکومەت بێزارن تا ئەوشوێنەی کە ئەم حکومەتە، حکومەتی حیزب یان حکومەتێکە لەژێر دەسەڵات و دەستێوەردانی بەردەوامی حیزبدا...ئەوەی ناڕەزایی دروستکردووە بەشێکی زۆری پەیوەندی بەو سیستەمە سیاسیەوە هەیە کە تیایداحیزب و مەکتەبی سیاسی لە حکومەت و ئەنجومەنی وەزیران گەورەترە... ئەمە خاڵێکە دەبێت هەرگیز لەیادمان نەچێت و جەختی لێبکەینەوە.



هەنوکە دێمە سەر پرسیارەکەتان..هەمیشە گەنجان پێشەنگی ناڕەزایی بوون...هەمیشە گەنجان لەهەموو قەیرانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا یەکەم گروپ بوون ویستویانە ناڕەزایی خۆیان بەدەنگی بڵند و ئاشکرا رابگەیەنن... لەساڵەکانی 1982 و 1984دا و لەسەردەمی رژێمی بەعسدا ئەوە گەنجان بوون رژانە ناو شەقامەکان و یەکێك لەگەورەترین خۆپیشاندانەکانی ئەم ناوچەیەیان بەرپاکرد..بەڵام بێگومان هیچکەس نادۆزیتەوە بڵێت لەو سەردەمەدا تەنها

گەنجەکان ناڕازی بوون...ناڕەزاییەکانی ئەمڕۆ لەکوردستاندا هەیە، تایبەت نیە بەگروپێکی دیاریکراو و زۆربەی گروپە تەمەنیە جیاوازەکانی تێدایە. بەڵام ئەوەی هەمیشە ریسکدەکات و دەیەوێت دەنگی بەشێوەیەکی بڵند بەرز بکاتەوە گەنجەکانن.

لەڕاستییدا هەڵەیە وابزانین گەنجان تەنها تەعبیر لە بۆچوونی فەردانی خۆیان دەکەن...ئەوەی گەنجان عەدالەتیان لەدابەشکردنی شانسەکانی کار و ژیاندا دەوێت، داپەروەریان لە دابەشکردنی کورسیەکانی خوێندن و خزمەتگوزاریدا دەوێت...ئەوەی گەنجان دەیانەوێت سنورێك بۆ باڵادەستی ناشەرعی حیزبیەکان بەسەر حکومەت و داهاتەکانیدا دابنێن...بەشێکە لەخواستێکی گشتیتر کە گەورە و بچوك تیایدا بەشدارن...بگرە ئەو کادرە گەنج و پیرانەی حیزبیش تیاییدا بەشدارن کە بەشێوەیەك لەشێوەکان قوربانی ئەم دەستێوەردانەن.

بەڵام گەر بپرسین بۆچی ئەوە تەنها گەنجەکانن ناڕەزاییەکانی خۆیان لەشکڵی بەیاننامە و مانگرتن و خۆپیشاندانددا پیشاندەدەن؟ بۆچی ئەوە تەنها ئەوانن ئامادە نین بێدەنگ بن و ریسکدەکەن و بەدەنگی بەرز رەخنە و بۆچونەکانیان دەڵێن؟لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەتوانین ئاماژە بۆ ئەم خاڵانە بکەین:

1- گەنج بەحوکمی تەمەنی هەمیشە بەشێك لە ئومێدی لەخۆیدا هەڵگرتووە..ئومێد بەگۆڕان و ژیانێکی باشتر بەشێکە لە فەنتازیای زۆرینەی گەنج....حەز و ئومێدی گۆڕان هەمیشە لەو گروپەدا زۆرترە کە ئەوەی لەپێشیەوەیەتی چ وەك تەمەن و چ وەك پێشهات گەورەتر و فراوانترە لەوەی بەجێی هێشتووە...بەتەمەنەکان کە زۆرینەی رووداوەکانی ژیانیان بەجێهێشتووە، هەمیشە شتێك لە نائومێدی زیاتریان لەخۆدا هەڵگرتووە...بەتایبەتی بۆ نەوەی پێشووی کوردستان کە ژیانێکی کارەساتئامێزی لەناو رژێمێکی خوێناوی وەك بەعسدا تاقیکردۆتەوە.

2- زۆرجار نەوەکانی پێشوو بەشێك لەخراپیەکانی هەنووکە بەڕووداوە تراژیدیەکانی رابردوو بەراورد دەکەن کە هەمیشەش لەم بەراوردەدا هەنووکە دەیباتەوە...ئەمە وایکردووە بڕێکی زۆر لە ناڕەزاییەکانی ئەم نەوەیە کەمتر رادیکال و زۆرتر هێمن بێت.

3 -نەوەی پیشوو جۆرێك لەسیاسەت و دەسەڵاتی تاقیکردەوە کە تادوا سنورەکانی دڵڕەقی، توندوتیژ و نابەرپرسیار بوو...ئەم ئەزموونە بەسەر بیرکردنەوەی زۆرینەی ئەو نەوەیەدا زاڵە و وایکردووە بەنائومێدی و بەدگومانیەوە تەماشای هەمووجۆرە دەسەڵات و سیاسەتێك بکات، بەشێوەیەك ئەو تەسەورەی لادروستبووە کە خەسڵەتی سروشتی هەموو دەسەڵاتێکی سیاسی هەر بەو شێوەیەیە...لەکاتێکدا نەوەی تازە کە نەوەی ئەنتەرنێت و سەتەلایت و کرانەوەیە بەسەر جیهانی دەرەوەدا، جۆرێك لە سیاسەت و دەسەڵاتی دی لەجیهان و سەرچاوەکانی هەواڵدا دەبینێ کە بەرپرسیارە بەرامبەر بەمافی هاوڵاتیان و قابیلی گۆڕانە لەناوەوە...لەڕاستیدا بەشێکی زۆر لەپەنابردنی گەنجان بۆ خۆپیشاندان، رەگی لەو تێڕوانینە خۆشبینیەدا هەیە کە ئەم نەوەیە بۆ سیاسەت و گۆڕان هەیەتی.

هەستدەکەم هەموو ئەمانە وایانکردووە گەنج لەهەموو گروپێکی دی زیاتر لەسەر شانۆکە ببینین.

**پرسیار : ئەگەر بەوردی سەرنجی روداوەکان بدەین دەبینین کە زۆربەی خۆپیشاندان و نارەزاییەکان دەکەونە ئەم ناوچەیەی ئێمە (( دەڵێم زۆربەیان )) واتە دەڤەری ژێر دەسەڵاتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، ئایا ئەمە ئاماژەیە بۆچی ؟**

ڕێبین هەردی : بەڵام ئەو ناڕەزاییانەش گەلێك زۆرن کە لەناوچەی پارتیدا روودەدەن، لەخۆپیشاندانی خوێندکارانی هەولێرەوە بۆ کێشەکەی ئاکرێ و خۆپیشاندانەکانی زاخۆ.... کەم نیین ئەو خۆپیشاندان و ناڕەزاییانەی رووبەڕووی کارنامەی حکومەت و حیزب لەناوچەی پارتی دەبنەوە. بەڵام دەشێت کێشەکە بەجۆرێکی دی باسبکەین...ئەو رووداو و ناڕەزاییانە ئەو سەداو کاردانەوانە دروستناکەن کە روودانی هەمان روداو لەناوچەی یەکێتییدا دروستیدەکەن..بۆنمونە کاتێك لەکاتی پێش هەڵبژاردندا بارەگاکانی یەکگرتووی ئیسلامی کەوتە بەر هێرش و پەلاماردان، هیچ کاردانەوەیەکی ئەوتۆمان لەلایەن رۆژنامە و راگەیاندن و رۆشنبیرانی ئەو ناوچەیەوە نەبینی، لەکاتێکدا گەر هەمان روداو لێرە روویبدایە، ئەوا سەدا و کاردانەوەیەکی توندی لەلایەن رۆشنبیران و رۆژنامە نوسانەوە وەردەگرت. دەشێت هۆیەکی ئەم دۆخە بۆ ئەوەبگەڕێتەوە کە ئێمە خاوەنی تەنها دوو رۆژنامەی سەربەخۆ و ئەهلین کە هەردوکیان لەسلێمانی دەردەچن مەبەستم هەردوو رۆژنامەی ((هاوڵاتی و ئاوێنە))یە.

خاڵێکی دی ئەوەیە نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت یەکێتی چ وەك مێژوو و چ وەك هەنووکە باڵی چەپی بزوتنەوەی کوردی بووە..هێزێکە لەسەرەتای دروستبوونیەوە بەدەستی خوێندەوارانی شار دامەزرا...هێزە تەقلیدیەکانی کورد لەدامەزراندنی ئەم هێزەدا بەشدار نەبوون و سەرکردایەتی هێزەکە زۆربەی لەکوڕانی شار و زۆرینەیان نووسەر و خوێندەوارانی زانکۆ بوون...قاعیدەی یەکێتی لەسەر بنەمای ئینتیمای فیکری



## "دیموکراسی لە کوردستاندا نەبووە تا پاشەکشێی کردبێت" ڕێبین هەردی

فۆتۆ خوێندنی لیراڵ

نەك وەلائی تەقلیدی پێکهاتبوو کە تا هەنووکەش کەمتازۆر ئەم قاعیدەیە بوونی هەیە...ئەمە وایکردووە هەمیشە چاوەڕوانیەکان لەیەکێتی وەك هێزێکی سیاسی زیاتر و گەورەتر بێت لەچاوەروانی لەهێزەکانی دی...بەوەشدا کە ئەم هێزە هەر لەسەرەتاوە لە کۆبونەوەی کۆمەڵێك تەوژمی فکری جیاواز پێکهاتبوو. ئەم هێزە هەرگیز نەیتوانی ئەو جیاوازی دیدەی ناوخۆی لەناوبەرێت و سەرکردایەتی و مەکتەبێکی سیاسی یەکڕەنگ و یەك سەدا دروستبکات...ئەگەرچی ئەمڕۆ رووی فیکری ئەم جیاوازیە لەسەرکردایەتی ئەم هێزەدا بەقازانجی جیاوازی لەبەرژەوەندی دەسەڵات و سەرمایەی ئابوریدا کاڵبۆتەوە، بەڵام تا هەنووکەش ئەم جیاوازییە بەشێوەیەك لە شێوەکان هەیە...زۆرینەی قاعیدەی یەکێتی تاهەنووکەش لەناو شار و لەناو ئەو هێزە خوێندەوارەدایە کە دورە لە ئینیمای عەشایەرییەوە..راستە لەدوای راپەڕینەوە یەکێتی بەردەوام لەسازشکردن و راکێشانی هێزە تەقلیدییەکاندا بووە بۆ ناوخۆی..راستە رووبەری هێزە تەقلیدی و عەشایەر و نەخوێندەوارەکان لەناو یەکێتییدا لەپاش راپەڕینەوە رووی لەزیادبوونێکی ترسناك کردووە، بەڵام تا هەنووکەش ئەم قاعیدە خوێندەوارە هەر لەناو یەکێتیدا هەیە و ماوە و تاڕادەیەکی زۆریش ناڕازییە لەگەورەبوونی مەساحەی ئەو هێزە تەقلیدیانە لەناو یەکێتیدا...ئەوەمان لەیادنەچێت بڕێك لە بەشدارانی ئەم تەوژمی نارەزاییەی لەم ماوانەی دواییدا سەریهەڵدا، لەو کەسانە پێکهاتبوون.

لەلایەکی دی بەشێکی زۆری دەسەڵاتی یەکێتی لەناو شاری سلێمانیدایە..ئەم شارە بەوەدا کە مێژوویەکی قوڵی نییە و شارێکی تازەیە کە لەخەڵکی جیاواز و کۆچبەر پێکهاتووە، بەشێوەیەك ڕێککەوتووە کە تاڕادەیەك کراوەتر و ئامادەگی گۆڕانی پتر لەشارەکانی دی تێدا بێت و کۆنترۆڵکردن و رامکردنی بۆ هیچ هێزێکی سیاسی ئاسان نەبێت..شارەکە لەگەڵ ئەوەشدا کە قاعیدەی سەرەکی یەکێتی بووە، بەڵام هەرگیز لەبوونی هێزی سیاسی کاریگەری دی خاڵی نەبووە. سلێمانی شارێکی هەمەڕەنگ و فرە دەنگ بووە کە بەئاسانی ناچێتە ژێر کۆنترۆڵی یەك دیدی سیاسییەوە. ئەمە وایکردووە هەمیشە دەنگی نارەزایی بەشێوەی جیاواز لەم شارەدا هەبێت.

هەموو ئەمانە پێکەوە دەشێت هۆیەکی ئەوەبن کە بۆچی لەم ناوچەیەدا لەناوچەکانی دی زیاتر نارەزایی و رەخنەکاری دەبینین.

**پرسیار : لەخۆپیشاندانەکانی گە نجاندا بە پێی پێوەرەکانی دەسەڵات شێوازی نایاسایی بەکارهاتووە لەلایەن جەماوەرەوە..واتە نە پێشوەخت مۆڵەتی خۆپیشاندان وەردەگرن و نە ئارامی**

**خۆپیشاندان دەپارێزن و لەوەش زیاتر هەندێکجار سوتاندن و کاولکاری و تالانکردنی دامودەزگاکانی لێدەکەوێتەوە. ئایا ئەمە ئاماژە نییە بەوەی کە دەستێك هەیە لە پشت ئەو خۆپیشاندانانەوە کە دەیەوێت ئارامی هەرێمەکە بشێوێنێت و سومعەی حکومەتەکەش لەکەداربکات؟**

رێبین هەردی : بەڵام هێشتا ئەم لێشاوی خۆپیشاندانانە نەهاتبوو کە ناوی کوردستان وەك یەکێك لەو شوێنانە هات کە مافی مرۆڤی بەشێوەیەکی بەربڵاو تیایا پێشێلدەکرێت. ئەمڕۆ جیهانی دوێنی نییە تا وابزانیت دەکرێت راستییەکان لەخەڵك بشاریتەوە.. ئەمڕۆ دەرگاکان کراونەتەوە و چاودێران و رۆژنامەنوسانی بیانی بەچاوی خۆیان هەلومەرجی کوردستان دەبینن، ئەوەی سومعەی حکومەت دەشکێنێ خەڵك نییە، کار و کردەوەی هەندێك کاربەدەستی حیزبیو حکومییە، نەك خەڵك.

بێگومان تاجۆریك لەسیستەمی سیاسیت هەبێت کە وەرگرتنی ئیجازە بۆ خۆپیشاندان لە داوایەکی ئیداری و رۆتینییەوە دەکات بە سانسۆر و قەدەغەکردن، بەبیانووی جیاواز و تاڕادەیەکی زۆر نامەعقول رێگەی لێدەگرێت، ئەوا دۆخێکت بۆ دێتە پێشێ کە ئیدی کەس پرست پێناکات و بەئازادی خۆی دەچێت خۆپیشاندان دەکات. گەر تۆ لەبەردەم ئیدارەیەکدا بیت کە دڵنیابیت لەوەی ئیجازە بەخۆپیشاندانەکەت نادات و تۆش دەتەوێت ئەنجامی بدەیت، ئەوا واباشترە پرسی پێنەکەیت!! ئەوەی وایکردووە داوای ئیجازەوەرگرتن بۆ خۆپیشاندان کەم بێتەوە، سنوری ئەو قەدەغەکردن و رێگرتنانەیە کە بەردەوام بەبیانووی جیاواز رووی لە زیادبوونە. ئیجازە وەرگرتن لەبنەڕەتدا کارێکی رۆتینی و ئیدارییە. شتێکە وەك وەرگرتنی ژمارەی چاپ بۆ کتێب. نابێت وەك سانسۆرێك تەماشا بکرێت..کە واش تەماشاتکرد و کارتپێکرد، ئەوا ئیدی کەس پرسیارت پێناکات و سەربەخۆیانە خۆی دەچێت خۆپیشاندانی خۆی دەکات. بەڵام ئایا گەر تۆ کارئاسانیت بۆ خۆپیشاندەران کرد و ئیجازەتدان و قەدەغەتنەکرد چی روودەدات؟

یەکەمین شت ئەوەیە خەڵکی ناچار دەکەیت رێز لە ئیدارەکەت بگرن، چونکە ئەوەی ئەنجامیدەدەن بەپرسیارکردن بەئیدارەکەت بووە.. بۆنمونە هەر باسی ئەم خۆپیشاندانەی هەڵەبجە بکەین..گەر ئیجازە بە خۆپیشاندانەکە بدرایە و ئاسایش وەك پارێزەرەی خۆپیشاندانەکە لەگەڵیدا بڕۆیشتایە، ئایا هیچ شتێکی خراپ روویدەدا؟ وە ئەگەر رووشیبدایە کەس گلەیی لەکاردانەوەی ئیدارەکە دەکرد... بێگومان نەخێر! کەوابوو مەسەلەی نەبوونی ئیجازە، لەبری ئەوەی خۆپیشاندانی خەڵکی عەیبدار بکات، عەقڵیەتی سیاسی ئەو هێزە عەیبدار دەکات کە فیکرەی ئیجازەوەرگرتنی کردووە بە وێستگەیەکی سانسۆر بۆ دەشێت و ناشێت.

بەڵام خۆشبەختانە لەم ماوەیەی پێشوودا بەکارێك لەوەزارەتی ناوخۆ بووم کە لەوێ هەندێك رێنوێنی تازەیان بۆ ئیجازە وەرگرتن بۆ خۆپیشاندان داناوە کە تاڕادەیەکی زۆر دەتوانێت کۆتایی بەم گرێی ئیجازەوەرگرتنە بهێنێت. هیوادارم ئەو رێنوێنیانە بەراستی جێبەجێبکرێن و کاریان پێبکرێت، چونکە هەستدەکەم رەنگە برێکی زۆر لە کێشەی ئیجازە و بێ ئیجازەیی چارەسەربکات.

بەڵام سەبارەت بەوەی بۆچی خۆپیشاندانەکان بەکاری تێکدەرانە دەگەن، ئەوا دەتوانین ئاماژە بۆ زیاد لە هۆیەك بکەین:

1- هۆیەکی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی لایەنی کەمی پەروەردەی دیموکراتی لەناو ئاسایش و هێزەکانی ناوخۆدا. ئەم هێزانە لەبەردەم هەر خۆپیشاندانێك و ئیستفزازێکی سادەشدا خێرا دەستدەدەنە چەك و تەقە دەکەن. دیارە کاردانەوەی خەڵکیش لەبەردەم تەقەکردندا بەتایبەتی گەر ببێتە هۆی کوشتن و برینداربوونی خەڵك عەقلانیانە نابێت.

2- دەمێکە خەڵکی بەقسە و گلەیی جۆراوجۆر ناڕەزاییەکانی خۆیان دەڵێن ، بەڵام بێئەوەی هیچ وەڵامێکی ئەوتۆ وەربگرنەوە کە ئەمەش وایکردووە خۆپیشاندانەکان هاودەمی توڕەیی و ناڕەزاییەکی گەورەتر و ئامادەیی تەقینەوە بێت لەهەرساتێکدا. بۆنمونە هەر با باسی هەڵەبجە بکەین..پارساڵ و لەکاتی یادکردنەوەی هەڵەبجەدا، هەڵەبجەییەکان هەمان ئەم گلەیی و ناڕەزاییانەیان باسکرد کە ئەمساڵ بە سوتاندنی مۆنمێنتەکە گەیشت...بگەڕێوە بۆ رۆژنامەکانی پارساڵ و ببینە ئەو دەمە چی لەسەر هەڵەبجە و یادەکانی نوسرا؟ گەر هەر پارساڵ ئەو رەخنە و گازندانە بەجدی وەربگیرانایە، ئەوا ئەمساڵ ئەم پەشێوییە روینەدەدا.

3- نەبوونی پەروەردەی دیموکراتی هەر تایبەت نییە بە هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ، بەڵکو خەڵکی سیڤیلیش دەگرێتەوە. لەڕاستیدا تاچەند هێزەکانی ناوخۆ نازانن چۆن لەبەردەم ئیستیفزازدا خوێنسارد و هێمن بن، هەرواش خەڵکی نازانێت چۆن بەشێوەیەکی هێمنانە رەفتار بکات کە نەبێتە هۆی وروژاندنی ئاسایش و هێزەکانی ناوخۆ.

ئەمانە هەمووی پێکەوە دەستیان هەیە لەوەی خۆپیشاندانەکان بە توندوتیژی کۆتاییان پێبێت.

بەڵام سەبارەت بەگەڕانەوە بۆ ئەوەی

دەست لەپشت ئەم خۆپیشاندانەوە هەبێت، ئەوا ئاشکرایە گەڕانەوە بۆ ئەم هۆکارانە تەنها درێژە بەو خۆ هەڵخەڵەتاندنە دەدات کە ساڵانێکە وایکردووە دەسەڵاتداران و کاربەدەستانی وڵات ئەو راستییە نەبینن کە خەڵکی لێیان ناڕازییە..گەڕانەوە بۆ ئەم تەفسیرە درێژە بەو وەهمەی کاربەدەستان دەدات کە "کارنامە و کارەکانی ئەوان بێ کەموکوڕیی و گەلێك باشە و ئەو"ئاژاوەیە" کاری دەستی دەرەکی و دوژمنانی وڵاتە".

**پرسیار : لەماوەی چەند خۆپیشاندانی رابردوودا لەهەولێر و سلێمانی و شوێنەکانی تر بینیمان لە روبەڕووبونەوەی خۆپیشاندەراندا دەسەڵات زۆر توندوتیژ بوو، هەر لەتەقەکردنەوە تا دەگاتە کوشتن لەگەڵ خۆپیشاندەرانی گەنجدا بەکارهات. بەبڕوای تۆ ئەم مامەڵەیەی دەسەڵات لەگەڵ خۆپیشاندانداندا چی لێدەخوێنرێتەوە؟ هەستناکەیت پاشەکشێ هەبێت لە دیموکراسییدا؟**

ڕێبین هەردی : دیموکراسی لەبنەڕەتەوە نەبووە، تا بڵێین پاشەکشێی لێکراوە. وڵاتێك تیایدا هێشتا هێزەکانی ناتوانن بچنە ناو ململانێی هەڵبژاردنەوە و دەسەڵاتەکان لەیەك جیا نەبونەتەوە، چۆن دەتوانین باسی دیموکراسی بکەین...کاردانەوەی دەسەڵات لەمێژە توندوتیژە بەرامبەر بەخۆپیشاندان و مانگرتنی خەڵکی..لەکوشتنی (( بەکر عەلی))یەوە تا خۆپیشاندانەکەی هەڵەبجە، کاردانەوەی دەسەڵات توندوتیژی بووە...تاکە دوو نمونەیەکی درەوشاوە خۆپیشاندانی خوێندکاران دژی زانکۆی ئایندە و دوابەدوای ئەو خۆپیشاندانی مامۆستایان بوو کە بەهێمنی تێپەڕی. دیموکراسی لەکوردستاندا دەستی پێنەکردووە و هێشتا ئامادەگی نیە، تا قسە لە پاشەکشێی بکەین. بێگومان یەکێك لە هێمانوماکانی دیموکراسیش شێوەی رەفتاری هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆیە لەگەڵ خۆپیشانەدەراندا کە تائێستا ئەم پەروەندەیە زۆر جێی شانازی نییە. رەنگە پێچەوانەی ئەم قسەیە راست بێت. واتە ئەوە خۆپیشاندانەکان بێت هێواش هێواش هێزەکان فێری دیموکراتی بکات و ناچاریان بکات بەشێوەیەکی کراوەتر رەفتار بکەن...بڕێکی زۆریش لە دیموکراتی بریتییە لە راهێنان و فێربوون.

**پرسیار : لەروانگەی خۆپیشاندانەکانەوە دەتوانین بڵێین گەنجان بوونەتە هێزێکی کۆمەڵایەتی کە دەتوانن کاریگەری دروستبکەن لەسەر ئایندەی حاڵەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری کوردستان ؟ یاخود ئەو خۆپیشاندانەی گەنجان بەکارهێنانی تووڕەیییەکی کاتی گەنجانە لەلایەن هێزەکانی ترەوە.بەکورتی تاچەند گەشبینیت بەرامبەر بەئایندەی ئەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەی کە گەنجان بەڕێوەیدەبەن؟**

ڕێبین هەردی : سەرەتا گەنجان لەلایەن هیچ کەس و دەستێکەوە بەکارناهێنرێن..با لەسەر ئەمە رێکبکەوین، چونکە ئەمجۆرە قسەکردنە دەڕژێتە خانەی ئەو تەفسیرە رەسمییەوە کە دەڵێت ئەم خۆپیشاندانانە دەستی لەپشتەوەیە..گەنجان تووڕەن نەك لەبەرخاتری کەس، بەڵکو لەبەرئەوەی کۆمەڵێك هۆکاری راستەقینە هەن کە لەپشت ناڕەزایی و تووڕەییەکانەوە هەیە...نەبوونی عەدالەت و بوونی گەندەڵی ئیداری و نەبوونی دەوڵەتی یاسا و دەستبەسەراگرتنی سامانی ئابوری و ئیمتیازات لەلایەن نوخبەیەکی بچوکی حیزبییەوە، بوونی مەسافەیەکی گەورە لەنێوان ژیانی دەسترۆیشتووەکان و خەڵکیدا...هەموو ئەمانە لەپشت ناڕەزایی خەڵکی ئێمەوەن، نەك هیچ شتیکی دی..جوڵەی گەنجان جوڵەیەکی خۆڕسکە و ئەو ئالیەتەشی پەنای بۆ دەبەن، ئالیەتێکی دیموکراتییە و شەرعیەتی یاسایی هەیە چ لەلایەن دەستوری پەرلەمانی کوردستان و چ لەلایەن دەستوری عێراقەوە رێگەی پێدراوە..گەنجانی ئێمە پاش قۆناغێك لەبێدەنگی و قبوڵکردنی بەهانەی حیزبەکان بۆ ئەو کەموکوڕیانەی کە هەیە، هەنووکە هاتونەتە دەنگ وچیدی ئەو بیانوو و بەهانایانەیان قبوڵ نییە کە کاربەدەستان بۆ کەموکوڕییەکان دەیهێننەوە. دەتوانین هەنووکە بە ئاسانی سەرنجی ئەوە بدەین کە ئەم ئامادەگییە بەرچاوەی ئەمڕۆی گەنجان لەدوای روخانی رژێمی بەعسەوە زیادی کرد..دۆخێك هاتۆتە پێشێ کە خەڵکی ئێمە لەبری مەسەلە دەرەکیەکان، گرنگی بە مەسەلە ناوخۆییەکان دەدات و هەستدەکات کاتی ئەوە هاتووە پرسیار لەژیان و دەوروبەری بکات و چیدی لەو کەموکوڕییانە بێدەنگ نەبێت کە پێش ماوەیەك لەبەر هەر هۆیەك بووە بێدەنگ بووە لێی...من لەکۆڕێکدا ئەم حاڵەتەم بە پاشەکشێی گوتاری مانەوە دەستنیشانکرد.

بێگومان ئەمڕۆ گەنجەکان هێزێکی گرنگن و لەهەر روداوێکدا دەریدەخەن دەتوانن گەلێك شت ئەنجامبدەن. ئەوەی جێگەی نیگەرانییە تەنها ئەوەیە کاربەدەستە حیزبی و حکومییەکان نازانن چۆن لەگەڵ ئەم هێزە ناڕازییەدا مامەڵە بکەن و لەهەر رووبەڕووبوونەوەیەکی ئەم هێزەدا، رووداوی هاوچەشنی وەك ئەوەی هەڵەبجە دوبارە دەبێتەوە. من هەستدەکەم ناڕەزایی و رەخنە و تەنانەت خۆپیشاندانی گەنجان ناوەستێت و جاری دیش و لەجێگەی دیش دووبارە دەبێتەوە..ئەوەی گرنگە بکرێت و لەبارەیەوە قسە بکەین هەوڵبدەین ئەم



**گەنجان تورەن نەك لەبەر خاتری كەس بەڵكو لەبەر نەبوونی عەدالەت و نەبوونی دەوڵەتی یاسا** فۆتۆ : خوێندنی لیبراڵ

نارەزایی و خۆپیشاندانە چوارچێوەی یاسایی نارەزایی تێنەپەرێنێ و تەنها سود لەو رێگە پێدراوانە بگرێت كە لەلایەن دەستورەوە پێیبەخشراوە.

وانەیەك كە دەبێ لەئەزمونی خوێناوی گەلانی دی و خۆمانەوە فێری بین ئەوەیە **گۆرانێك لەرێگەی ئاشتیانەوە ئەنجامبدرێت گەر زۆریش بخایەنێت، سەدجار لەگۆرانێك گرنگتر و كاریگەرترە لەوەی لەرێگەی توندو تیژەوە ئەنجامبدرێت، ئەگەرچی خێراش بێت.** چونكە ئەو گۆرانانەی لەرێگەی توندوتیژەوە ئەنجامدەدرێن، تەنها گۆرانیكی شكڵی دروستدەكەن و نابنە هۆی دروستبوونی هوشیاریی و كلتورێكی نوێ، لەكاتیكدا ئەو گۆرانانەی لەرێگەی ئاشتییەوە ئەنجامدەدرێن لەگەڵ خۆیاندا گۆرانێك لەهوشیاری و كلتوری ئەو كۆمەڵگایەشدا دروستدەكەن.

**پرسیار : ئەگەر ئێمە لە ساڵی 1991دا شۆرشێكی نەتەوەییمان كردبێت، پێتوانیە لە ئێستادا شۆرشێكی كۆمەڵایەتیمان پێویست بێت لەدژی گەندەڵی سیاسی و ئیداری و ئابوری و كۆمەڵایەتی؟ ئایا ئەركی گەنجانە ئەمكارە بكەن؟ ئایا كارێكی لەوجۆرە بەهێزێكی پەرشوبڵاوی وەك گەنجان دەكرێت لەم بارودۆخەی ئێستادا؟**

رێبین هەردی : رەنگە وشەی شۆرش ئاماژە بۆ جۆرێك لەتوندوتیژی بكات، لەبەرئەوە بەكارهێنانی لێرەدا دەبێت بە وریاییەوە بێت..ئێمە دەبێت كەناڵە شەرعییەكانی گۆرانكاری بەكاربهێنن و لەچوارچێوەی ئەو رێگەپێدراوانەدا بجوڵێینەوە كە دەستور بۆی دەستبەر كردووین..ئێمە دەبێت پارێزگار و جێبەجێكەری مافەكانمان بین وەك چۆن لە دەستوردا هاتووە. گەر دەشمانەوێت سیستەمێكی دیموكرات و كراوە بونیاد بنێین، ئەوا پێشمەرجی سیستەمێكی لەمچەشنە بوونی هاوڵاتیانێكی بەرپرسیارە كە مەسەلەكانی وڵات بە مەسەلەی تایبەتی خۆیان دەزانن و بەشداری تێدا دەكەن. ئەوەی چاودێری دیموكراتی دەكات تەنها دەزگا رەسمیەكان نیین، بەڵكو هاوڵاتیانن. هەموو ئەو دەستكەوتانەی لەدیموكراتیدا بەدەستدێن وەك دەستوور و پەرلەمان و دەوڵەتی یاسا، هەموو ئەمانە بێ بوونی هاوڵاتیانێكی بەرپرسیار كە پارێزگاری لێدەكەن، مومكین نیە. ئەوە خەڵك و كاردانەوەی خەڵكە پارێزگاری لە دیموكراتی دەكات...من خۆم چەندانجار ئەو قسەیەی كەنعان مەكیەم هێناوەتەوە كە دەڵێت "سەدام بێدەنگی دروستنەكرد، بەڵكو بێدەنگی سەدامی دروستكرد". هەر لەبەرئەمەشە ئەمرۆ لەهەموو كاتێك زیاتر دەبینیت گەرانەوە هەیە بۆ چەمكی كۆمەڵگای مەدەنی..ئەم كۆمەڵگایە لەكێ پێكدێت جگە لە كۆمەڵێك هاوڵاتی بەرپرسیار كە بەشێوەیەكی چالاكانە بەدواداچوونیان هەیە بەدوای ئەو هەواڵ و پێشهاتانەدا كە لەوڵاتدا روودەدەن. تاچەند خەڵك ئامادەگی لەوڵاتدا هەبێت و دەنگی ببیسترێت، هێندەش دیموكراتی هەیە و

## "ئەم جوڵەیەی گەنجان گرنگییەكەی لەوەوە نایەت كە هەر گەنجان ئەنجامی دەدەن بەڵكو گرنگییەكەی لەوەدایە جوڵەكەیان سەدای لە ناوەند و شوێنەكانی دیكەدا هەیە" ڕێبین هەردی

بەپێچەوانەوە. ئەركی هەموو هاوڵاتیەكە پارێزگاری لە مافەكانی خۆی بكات و كاردانەوەی هەبێت بەرامبەر بەهەرجۆرە دەستدرێژیەك كە دەكرێتە سەر ئەم مافانە...بێدەنگی لەڕووداوێكی بچوك، هەنگاوی یەكەمە بۆ بێدەنگی لەكارەساتی گەورەتر..كەوابوو ئەوە هەر گەنجان نیین كە ئەم ئەركەیان لەسەر شانە، بەڵكو هەموو هاوڵاتییەكی ئەم وڵاتە بەرپرسیارە بەرامبەر بە ڕووداو و پێشهاتەكانی. ڕاستە ئەمڕۆ گەنجان پتر لەسەر شانۆكە دەبینرێن و جوڵەكەیان بۆتە هەواڵی سەرەكی لە زۆربەی ناوەندە سەربەخۆكانی ڕاگەیاندندا...ڕاستە ئەوان دەنگی یەكەمن، بەڵام دوا دەنگ نیین..ئەم جوڵەیەی گەنجان گرنگییەكەی لەوەوە نایەت كە هەر گەنجان ئەنجامیدەدەن، بەڵكو گرنگییەكەی لەوەدایە جوڵەكەیان سەدای لەناوەند و جێگە و شوێنەكانی دیدا هەیە. ئەوان هەموانیان لە مەسەلەكەوە گلان و لانیكەم زۆربەی گروپە جیاوازەكانی كۆمەڵگایان ناچاركرد، قسەی لەبارەوە بكەن..ئایا سەرنجی ئەو ژمارەیەی ((ڕێوان))ت دا كە ڕێكخراوێكی ژنان دەریدەكات؟ هەفتەنامەكە ئەگەرچی تایبەتە بە مەسەلەی ژن، بەڵام زیاد لەلاپەڕەیەكی تەرخانكردبوو بۆ باسی خۆپیشاندانەكەی هەڵەبجە..بگرە مانشێتی ژمارەكە بۆ ئەو ڕوداوە تەرخانكرابوو...ژمارەكانی ئاوێنە و هاوڵاتی بخوێنەوە كە زۆرینەی لاپەڕەكانی بریتی بوو لە قسەكردن لەسەر ڕوداوەكە و زیاد لەبابەتێكی تیابوو كە لەلایەن ڕۆشنبیران و بۆ پشتگیری و هاوسۆزی لەگەڵ بكەرانی خۆپیشاندانەكەدا نووسرابوو...كەوابوو ئەوان بەتەنیا لەسەر شانۆكە نیین، ئەگەرچی بزوێنەری سەرەكی ئەو سیناریۆیەن كە هەنووكە لەوڵاتدا مەسەلەی یەكەمە.

**پرسیار : دەبێت ئەم تووڕەیی و ناڕەزاییەی گەنجان بە چ ئاراستەیەكدا بڕوات؟ ئایا پێویستە كەناڵیزە بكرێت؟ گەر كەناڵیزە بكرێت دەبێت كێ بیكات و چۆن ؟ ئەركی ئێوە وەك ڕۆشنبیر چی دەبێت لەم كەناڵیزە كردنەدا ؟ ئەگەر پێویستە هەرواش بڕوات دەبێت چۆن بڕوات؟**

ڕێبین هەردی : تەماشاكە! من لەو كەسانەم كە بڕوام بە ڕۆڵی پێشەنگی ڕۆشنبیر نییە..ئەم بیرۆكەیەی پێشەنگی ڕۆشنبیر كە لەنەریتی ماركسییەوە هات، شتێكە دەبێت خێرا وازی لێبێنین..ئەزموونە مێژووییەكان پێماندەڵێن هەركاتێك ڕۆشنبیر ئەم دەورەی بۆ خۆی دانابێت، توشی نوشستی و هەڵەی گەورە بووە..ڕۆشنبیر پێغەمبەر نییە و ئەگەرەكانی هەڵە كردنی، هیچ لەئەگەرەكانی هەڵە كردنی خەڵك كەمتر نییە...چ كەس و كێ دەتوانێت پێمانبسەلمێنی كە ڕۆشنبیر دەتوانێت باشتر و بەسودتر كەناڵیزەی كارێك بكات؟ جگە لەمەش ڕۆشنبیر خۆی كێیە و چییە؟ ئایا یەك پێناسمان بۆ ڕۆشنبیر هەیە كە هەمووان لەسەری ڕێكبكەوین؟ ئایا ڕۆشنبیران هەر هەموویان بەیەك ئاراستە و بەیەك بیروبۆچوون كاردەكەن؟ كە دەڵێن ڕۆشنبیران دەبێت كەناڵیزەی ناڕەزاییەكان بكەن، مەبەستمان چ ڕۆشنبیر و چ كەسێكە؟ چونكە هێندەی ڕۆشنبیران، ڕای جیاواز و بەرژەوەندی فیكری جیاوازمان هەیە؟ دەبینی قسەكردن لەسەر دەوری ڕۆشنبیر تووشی چ ئالۆزیەكمان دەكات.

لێرەوە هەستدەكەم كاری ڕۆشنبیر لە نووسین و قسەكردن و تیۆریزەكردن بەپێی ڕوانگەی خۆی، تێپەڕناكات. ئەو دەنووسێت و هەوڵدەدات زۆرترین پەڕەی سپی بەبیروبۆچوونەكانی ڕەشبكاتەوە و لەم ئاستەشدا تاكە شتێك فێری خەڵكیبكات قسەكردن و گرنگی قسەكردنە...گەنجانیش كاتێك دەستیاندایە خۆپیشاندان پێویستیان بە ڕۆشنبیر نەبوو، ئەوان خۆیان دەیانزانی چیان دەوێت و دەبێ چیبكەن..تاكە كەسێك دەتوانێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە گەنجان خۆیانن و لەم ئاراستەیەشدا پێویستیان بەكەس نیە، مەگەر بۆ پشتگیری و پشتیوانیكردن نەبێت..تاكە شتێك دەتوانین لەم ئاراستەیەدا بیڵێین ئەوەیە بەهەموو لایەك بەرگری لەوە بكەین ئەم جوڵەیە دەبێت لە چوارچێوەیەكی یاساییدا بێت و تائەوپەڕی توانا لەسنورەكانی هێمنیدا بمێنێتەوە.

**پرسیار : حاڵی حازر دەسەڵات لەهەردوو**

**ئیدارەکە کاردەکات لەسەر کوشتنی رۆحی رەخنە و خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین بەدەرکردنی چەند یاسایەکی توندوتیژ و تۆمەتبارکردنی خۆپیشاندەران بەچەندان تۆمەتی جۆراوجۆر. مەترسی ئەم بارودۆخە لەسەر ئایندەی دیموکراتی کوردستان تاچەندە؟ ئایا کارێکی لەمچەشنەی دەسەڵات لەبنەڕەتەوە تاچەند قبوڵدەکرێت؟**

رێبین هەردی : هەموو دەسەڵاتێك دەتوانێ کارێك بکات خۆپیشاندان قەدەغە بکات و خەڵکی رەخنەگر بە دوژمن و دەستی بێگانە تاوانبار بکات..ئەمەش یەکێکە لە دێرینترین خەسڵەتەکانی ئەو سیستەمە سیاسییانەی پێیاندەڵێن دیکتاتۆری.. بێگومان هەموو دەسەڵاتێك دەتوانێت ئەم شتانە قەدەغە بکات، بەڵام ئەزموونی دەیان سیستەمی دیکتاتۆری ئەوەمان پێدەسەلمێنن کە ئەگەرچی دەتوانرێت ناڕەزاییەکان بشاریتەوە و قەدەغەی بکەیت، بەڵام ناتوانرێت لەناو ببرێت...تەنها کارێك کە قەدەغەکردن دەیکات ئەوەیە رێگەی دەرکەوتنی ناڕەزایی لە بواری گشتیدا نادات، بەڵام ناتوانێت لەناویببەرێت، بەڵکو ناچاریدەکات خۆی بشارێتەوە و بەشێوەیەکی نهێنی کاربکات...هۆی ئەوەش کە سیستەمە دیکتاتۆرەکان هەمیشە توشی پەشێوی لەناکاو و کتوپڕ و توندوتیژ دەبن، هەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خاڵە..کاتێك تەماشای ئەم سیستەمانە دەکەین بەرلەوەی پەشێوی تیایاندا روبدات، وادەزانین هەموو خەڵك لێیانڕازین و پشتگیریاندەکەن، بەڵام تووشی سەرسوڕمان دەبیت کاتێك دەبینی لەهەر پەشێوییەکدا هەزاران کەس دێنە ناو شەقامەکان و دژی رژێمەکە دروشمدەدەن. تۆ لەیادتە بەر لەڕوخانی رژێم لە سەداسەدی خەڵکی عێراق بەشایی و سەماوە دەنگیان بۆ سەدام دا و هەندێکیشیان بەخوێن دەنگیان دەدا، بینیشت لەکاتی رووخاندا چۆن هەمان خەڵك بەسەما و هەڵپەڕکێوە پێشوازیان لە روخانی کرد، بەشێوەیەك زۆربەی چاودێرە عەرەبییەکانی تووشی حەپەسانکرد! رێگەی قەدەغەکردن، ناڕەزایی و گازندەی خەڵك لەناونابات، بەڵکو تەنها دەیشارێتەوە...لەمەش کارەساتر ئەوەیە بەشێوەیەك گەمارۆی دەدات کە تەنها یەك رێگە و شێواز لەبەردەمیدا دەمێنێتەوە بۆئەوەی دەرکەوێت، ئەویش رێگەی توندوتیژییە. رێگەنەدان بە خۆپیشاندان و تەعبیری ئاشتیخوازانە بەهەر رێگەیەك بێت، تەنها یەك دەرئەنجامی هەیە ئەویش ناچارکردنی رەخنە و ناڕەزاییە بەکاری نهێنی و بیرکردنەوە لە شێوازی توندوتیژ. ئەزموونی دیکتاتۆریانەی دەیان رژێمی دیکتاتۆریش ئەم راستییە دەسەلمێنن. ئەم رێگەیە گەر لەجاراندا بۆماوەیەك سەریبگرتایە، ئەوا ئەمڕۆ شانسی ژیانی یەکجار کەمە. لەسەردەمی کردنەوەی دەرگاکان و کەوتنی چەمکی سەروەری نیشتیمانیدا، هەڵبژاردنی رێگەیەکی لەم چەشنە پتر لە خۆکوژی دەچێت. چونکە پاش ژیانێکی سەخت لەگەڵ دیکتاتۆریدا و پاش قبوڵکردنی هەموو تراژیدیاکانی شەڕی ناوخۆ، چیدی خەڵك تاسەر ئامادە نیە بێدەنگ بێت و گوێ لە خەمەکانی نەگیرێت.

**پرسیار : ئایندەی ئەم خۆپیشاندان و ناڕەزاییانە لەگەڵ دروستبوونی حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستاندا دەگاتە کوێ و ئەرکی حکومەتیش لەبەرامبەر ئەم دیاردەیەدا چییە؟**

رێبین هەردی : ئێوە رای من لەبارەی حکومەتی یەکگرتووە دەزانن. ئەم ئیدارەیە بەشێوەیەك دروستبووە کە لەلایەن هیچ دەزگایەکی شەرعییەوە چاودێریناکرێت..پەرلەمانێکی بێهێزمان هەیە کە توانای چاودێری و لێپرسینەوەی ئەم ئیدارەیەی نییە..ئەو جیاوازییەی کە بە زەبر لەنێوان یەکێتی و پارتییدا هەیە و بڕیار بوو دەوری چاودێریکەر ببینێ، لەم یەکگرتنەوەی ئیدارەدا بوو بەتەباییەکی بێمانا کە هەموو بیرۆکەیەکی چاودێریکردنی یەکدی لەناو دەبات.بێدەنگ بوونی یەکێتی لە گرتن و حوکمدانی ناداپەروەرانەی دکتۆر کەمال و بێدەنگی پارتی لە رووداوەکانی هەڵەبجە، زەنگی مەترسییەکن. مەترسی ئەوەی ئەم ئیدارە یەکگرتووە بریتیبێت لەجۆرێك رێکەوتن بۆ بێدەنگبوون لە هەڵەو کەموکووڕییەکانی یەکدی؟ رێکەوتنێك بێت لەسەر شێوازی دابەشکردنی کوردستان بۆ دوو زۆنگی دەسەڵاتدارێتی جیاواز کە کەس دەست لەکاری ئەویدیەوە نادات. بێگومان گەر یەکگرتنی ئیدارە بەم ئاراستەیەدا بڕوات، ئەوا جێگەیەکی ئەوتۆ بۆ خۆشبینی نامێنێتەوە..ئەگەرچی مژدەکانی کاربەدەستان دڵخۆشکەرن، بەتایبەتی ئەو مژدانەی کاربەدەستان لەو کۆنفرانسەدا بە خەڵکیاندا کە لەگەڵ سەرکردایەتی هەردوو هێزەکەدا سازدرابوو. مێژووی مژدەدانی هەردوو هێزەکەش زۆر جێگەی ئومێد نییە..با چاوەڕێ بین و بزانین ئەم ئیدارەیە چ دەکات لەگەڵ ئەو هەمووناڕەزایی و رەخنەنادا کە خەڵکی لە ئیدارە و حیزبی هەردوولا هەیانە. من نازانم داهاتوو چ دەبێت بەڵام دڵنیام گەر ئەم سیستەمە حیزبۆکراتییە کە هەموو شتێك بە هەندێك کادری باڵای حیزبی دەبەخشێ و هاوڵاتیەکانی بێبەش دەکات، سیستەمێك کە لە هیچ بەرپرسێك ناپرسێتەوە و بچوکترین خوێندکاریش دەخاتە ژێر زەڕەبینەوە، ناتوانێ بەبێ قەیران و ئاژاوەی گەورە و بچوك بەردەوام بێت.